هونەرمەندی ناوداری ئێرانی ئومید سوڵتانی بۆ گوڵان:

# گەلی کورد لە خۆمانەوە نزیک دەبینم و بەم زووانە گۆرانی کوردی دەڵێمەوە

## لە ئێران تا تەمەنی ۲۱ساڵی بژێوی ژیانم لەسەر کاری خۆشنووسی و وێنەکێشان بوو

**هونەرمەند ئومید سوڵتانی یەك لە گۆرانیبێژە دەنگخۆش و ناودارەکانی ئێرانە، یەکەمین گۆرانی بەناوی (باران) بڵاوکردووەتەوە و هەربەو گۆرانییەش ناسرا. تا ئێستا خاوەن چەندین ئەلبومی گۆرانییە. هەروەها گۆرانییەکی کوردیشی هەیە و لەم دیدارەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە گەلی کورد لە هۆزی بەختیاری نزیک دەبینێت و لە ئایندەیەکی نزیکدا گۆرانی دیکەی کوردی دەچڕێت.**

گوڵان: هەژار مەموزینی

*** بۆچی گۆرانی (هەوای ئازادی) یتان کردە ناونیشانی دوایین بەرهەمی هونەریتان؟**

- لەبەرئەوەی ئەم گۆرانییە زۆر بەلامەوە خۆش بوو، چونکە واتا و تێگەیشتنی سەرنجڕاکێشی هەبوو، گوێگرانیش ئەم ناوەیان لەمێشکدا دەمێنێتەوە، کە ئایا ئەو واتایە سیاسی یان کۆمەڵایەتییە. لە راستیدا بە گوێگرتن لەو گۆرانییە ئاگادار دەبن و دەزانن کە مانایەکی کۆمەڵایەتی هەیە.

*** هەوادارانت لە کۆنسێرتەکاندا زیاتر داوای چ گۆرانییەك دەکەن؟**

- داوای گۆرانی (باران، حچرت عشق، سرتو بژار رو شونەهام، قلندر، ایران. من، کردی، قرمز، تو محشری، امشب می‌خوام مست بشم، اگر مانده بودی، یاسمین، حیف کە نمیشە از تو گفت، فریاد، پیروزی) دەکەن. زۆربەی گۆرانییەکانیش وزەبەخشن.

*** لە رابردوودا گۆرانیەکی کوردیتان چڕی، ئایا بەنیاز نین گۆرانی دیکەی کوردی بڵێنەوە؟**

- لەبەرئەوەی ڕەچەڵەکی من لە هۆزی بەختیارییە و لەگەل ئەو زمانە ئاشنام کە تا ئاستێکی زۆر لە زمانی کوردییەوە نزیکە و ئێمە کورد لەخۆمان دەزانین و لەبەر ئەوە گۆرانی کوردیم گوت و بەم نزیکانە جارێکیتر گۆرانی کوردی دەڵێمەوە.

*** کاری هونەری بۆتە سەرچاوەی ژیانت؟**

- بەڵێ، موسیقا تەواوی ژیانمە و بۆتە سەرچاوەی بژێوی ژیانم.

*** زیاتر بەکام گۆرانی ناسران؟**

- یەکەم گۆرانی کە گوتم، گۆرانی »باران« بوو.

*** نزیکی فەرهەنگی کوردی و ئێرانی چۆن دەبینن؟**

- من هاوڕێیەکی زۆری کوردم هەیە کە لەگەڵ یەکتر هەست بە نزیکبوون دەکەین، هەروەها من هەست دەکەم کوردانی ئێران لە رووی کەلتوور و فەرهەنگەوە زۆر لە ئێمەوە نزیکن.

*** لە چ پەشیمانن؟**

- لەو قسانەی کە نەدەبوو بیانکەم.

*** گۆرانییەکانت بە شێوەیەکی گشتی گوزارشت لە چی دەکەن؟**

- من هەمیشە لە گۆرانییەکانم حەز دەکەم باس لە عەشق بکەم، چونکە عەشق تەنیا رێگای گەیشتنە و واتای خۆشەویستی دەگەیێنێت، بەداخەوە پەیوەندی خانەوادەکان لە جیهان تادێت ساردو ساردتر دەبێت، بۆیە تەنیا رێگای دەربازبوونی مرۆڤەکان لەو پەیوەندییە ساردانەدا، بڕوابوون بە عەشق و خۆشەویستییە.



* بۆچی لەدوا بەرهەمەکانتدا زیاتر بایەخت بە کلیپ کردنی گۆرانیەکانت داوە؟

- لەبەر ئەوەی پێشووتر وەکو پێویست گۆرانییەکانی خۆم بە دەنگ و رەنگ نەکردووە، بۆیە لەدوا بەرهەمەکانم زیاتر گرنگیم بە کلیپکردنی گۆرانییەکان داوە و هەروەها کۆمەڵگەی ئەمڕۆ زیاتر حەزدەکەن گۆرانی بە وێنەوە ببینن.

* زیاتر حەز لە کام بەرهەمەکانت دەکەی؟

- دەبێت بڵێم هەموو کارەکانم کە ئێستا کردوومن، یەکە بە یەکەیانم خۆش دەوێت، بەڵام ئەگەر بپرسی کامیانم زیاتر خۆش دەوێت، دەتوانم ناوی چەند گۆرانییەکت بۆ بڵێم، لەوانە (یاسەمین) کە بۆ کچەکەم گوتوومە و گۆرانی (ئێران) کە بۆ نیشتمانەکەم چڕیومە.

* تێکست، ئاواز و دەنگ، کامیان زیاتر بە هۆکاری سەرکەوتنی هونەرمەند دەزانن؟

-دەتوانی بەبێ هیچ یەك لەوانە ناوداری بەدەستی بێنی، ئەمڕۆ بەهۆی بوونی سەتەلایت و تەلەفزیۆن، دەکرێت بە یەك شەو ناوبانگ پەیدا بکەیت، بەڵام ئەگەر بتەوێت لەناو دڵی خەڵك جێگای خۆت بدوزیتەوە، چیرۆکەکانت دەبێت هەم دەنگ و سەلیقەی هەبێت بۆ هەڵبژاردنی هۆنراوە بۆ گۆرانی، هەمیش هێزی پێشکەشکردن ڕووبەڕووی جەماوەر گرنگە و ئەو جۆرە پەیوەندییە دروست و پتەوەت دەبێت لەگەڵ گوێگرانت هەبێت.

* جگە لە گۆرانیگوتن، توانای ڕۆڵ بینینتان لە فیلم، یان درامادا هەیە؟

- بەڵێ، دەتوانم ڕۆڵ ببینم و دەرهێنەرێك پێشنیاری کرد بەشداری لە درامایەکدا بکەم، بەڵام من پێشنیارەکەم رەتکردەوە، چونکە بابەتی دراماکە بەدڵم نەبوو، کەسانێکیش بڕیار بوو لەگەڵم ڕۆڵ ببینن، کە من حەزم نەدەکرد لەگەڵیان دەربکەوم لەو ڕۆڵەدا.

* ئەزموونێکتان لەکاری وێنەکێشی هەیە، ئەو بوارە هونەرییە تا چەند تێکەڵی ژیانت بووە؟

- من لە ئێران وێنەکێش و خۆشنووس بووم و تا تەمەنی ٢١ ساڵی.بەو کارە بژێوی ژیانم پەیدا دەکرد.

* پێتوایە هۆکار چییە ئومید سەرەڕای چوونە تەمەنەوە، بەڵام دەنگی وەك خۆی ماوەتەوە؟

- بە بۆچوونی من تەمەن و ساڵ تەنیا ژمارەیەکن کە ئێمە بۆخۆمان دروستمان کردووە، گرنگ ئەوەیە کە خۆت چ هەستێکت هەیە، ئەگەر مرۆڤ هەوڵ بدات بە درێژایی ژیان بە دڵێکی پاک ژیان بکات، بێگومان جوانتر دەردەکەوێت، لەو تەمەنەی کە تیایدایە، هەروەها دەنگ کۆتا ئەندامی جەستەی مرۆڤە کە پیر دەبێت، بۆ ڕاستیی قسەکانم گوێ لەدەنگی مامۆستا شەجەریان و شەهرام نازری بگرە.

* ژیانی گۆرانیگوتن چی فێرکردن؟

- فێری ئەوەی کردم و زانیم کە خوا منی چەند خۆش دەوێت.

* بۆ داهاتوو چ پرۆژە و بەرنامەیەکت هەیە؟

- بەرنامەیەکی زۆر و کۆنسێرت و ئەڵبومی نوێ لە ڕێگەدان.



جەمال محەمەد:

## پێویستە بەر لە ئەنجامدانی هەر کارێکی هونەری ئامانجێکی دیاریکراو هەبێت

# ئەنیستون دیسان قەوماندی



چەند سەرچاوەیەکی هونەری رایانگەیان کە خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆلیۆد جنیڤەر ئەنیستۆن دوای زیاتر لە (٩) ساڵ ژیانی هاوسەری و هاورێیەتی لەگەڵ جەستین تیرۆ کە حەوت ساڵیان هاورێیەتی بوو و زیاتر لە دوو ساڵیش هاوسەری فەرمی بوون، بە رەزامەندی هەردووکیان بریاری جیابوونەوەیان دا.

جنیڤەر و جەستین بەیاننامەیەکی رۆژنامەوانیان راگەیاند کە ناوەرۆکەکەی لەسەر ماڵپەری رۆژنامەی (دەیلی میل)ی بەریتانی بڵاکرایەوە و تێیدا هاتووە: بۆ دانانی سنوورێك بۆ هەر قسە و پروپاگەندەیەك بریاری جیابوونەوەمان دا، ئەم بریارەشمان بە خۆشەویستی داوە لە کۆتایی ساڵی رابردوو. هەر لە بەیاننامەکەدا هەردووکیان باس لە پەیوەندیی هاورێیەتی نێوانیان کردووە و دەڵێن: ئێمە هەردووکمان لەو هاورێیە زۆر نزیکانەین کە بریاریان داوە کۆتایی بە پەیوەندیی خۆشەویستیی نێوانیان بهێنن و هیواداریـن کە ئەم هاورێیەتییەی نێوانمان لە داورۆژیشدا بەردەوام بێت، سەرەتا وا رێککەوتبووین کە ئەم هەنگاوەمان بە نهێنییەکی تەواو بێت، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی پروپاگەندەکان بە پێویستمان زانی خۆمان ئەم راستییە بە هەموو لایەك رابگەیەنین.

لە کۆتایی بەیاننامەکەیاندا هاتووە: سەرەرای جیابوونەوەمان ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە رێزگرتنی نێوانمان بەردەوام بێت و کۆتایی پێ نەهێنین.

مامۆستا جەمال محەمەد ئەدیب یەکێکە لە موزیسیانە هەرە ناسراوەکان لە سەر ئاستی کوردستان و ناوچەکە بە گشتی، ماوەی چەندین ساڵە لەو بوارە بەردەوامە و کاری لەگەڵ دەیان هونەرمەندی کورد و بیانی کردووە، جگە لە سەرۆکایەتی کردنی تیپی مۆسیقای دهۆك کە یەکێکە لە کۆنترین تیپەکانی مۆسیقا لە کوردستان و ئێستاش بەردەوامە.

بە حوکمی کاری بەردەوامی و شارەزایی لە ستایلە هونەرییەکان و تایبەتمەندێتیی هەر هونەرمەندێك و گرنگی ستایل لەسەر ڕێڕەوی هونەرمەند، مامۆستا جەمال دەڵێ: گرنگە بەر لە ئەنجامدانی کارێك ئامانجێکی دیاریکراو هەبێت و بۆ چ مەبەستێك ئەنجام دەدرێت، بێگومان کارێکی زۆر باشە ئەگەر هەر هونەرمەندێك ستایلێکی تایبەت بە خۆی هەبێت کە ئەمەش دەبێتە ناسنامەی هونەرمەندەکە و هەمیشە لەلای خەڵك پێی دەناسرێتەوە، بەڵام پێویستە لە سەر هونەرمەند ماوە ماوە پێداچوونەوەیەکی کارە هونەرییەکانی خۆی بکات و خۆی لەگەڵ سەردەمەکە بگونجێنێت لە ڕووی ئاواز و تێکست، بە مەرجێك گۆڕینی ستایل کاریگەری لەسەر میلۆدی و ناسنامەی کوردی نەبێت، لە هەمان کاتدا لە نێو ستایل و ئاواز و تێکستە نوێیەکانیدا بتوانێت تام و هەستی کوردەواری بپارێزێت.

مامۆست جەمال لە بارەی ئاوازەوە دەڵێ: لە هەڵبژاردندا جا لە ریتم یان موزیك و ئاواز و دابەشکردنی بەشێوەیەك بەرفراوان بێت و هەوڵ بدات زۆر دەستکاری موزیکەکەی نەکات. مامۆستا جەمال ئاماژە بەوەش دەکات کە ئێستا لە گۆڕەپانی هونەری کوردی زۆر شتی باش پێشکەش دەکرێت کە مایەی دەستخۆشییە، بەڵام کەموکوڕیش هەیە و زۆر گۆرانی هەیە کە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە ستایل و موزیك و گۆرانی کوردییەوە نییە و بەداخەوە بەردەوام لە میدیاکان پەخش دەکرێن.



# بریا براکاش پێش لیون کەوت


میدیاکان تەنیا چاودێری هەواڵی چالاکییە هونەرییەکانی هونەرمەندان و نوێترین کارەکانیان ناکەن، بەڵکو بەردەوم بە دوای وردەکارییەکانی ژیانیاندا دەگەڕێن وەك ژیانی تایبەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی جەماوەرێتییان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە ئێستا بووەتە بابەتێکی سەرەکی کە میدیاکان و خودی ئەستێرەکانیش گرنگییان پێدەدەن.

بریا براکاشی تەمەن (١٨) ساڵا یەکێکە لە ئەکتەر تازە پێگەیشتووەکانی هیندستان کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بە گۆرانییەکی فیلمە نوێیەکەی ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد و بووە یەکێك لەو کەسانە کە زۆرترین کەس لە سەرتاسەری هیندستان لە گوگل بە دوای گۆرانییەکەیدا گەڕاون، بەپێی چەند ئامارێك کە لەو بوارە بڵاوکراونەتەوە براکاش کە ئێستا لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنستگرام زیاتر لە (٣) ملیۆن کەس لە ئەکاونتەکەی چاودێریی دەکات، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانیی پێش سانی لیونی هاونیشتمانیی خۆی بکەویت لە گەڕان بەدوای گۆرانییەکی لە گوگڵ، هەرچەندە سانی لیون ئەستێرەی پێشووی فیلمەکانی پۆرنە و بۆ ماوەیەکی زۆر لە پلەی یەکەمدا بوو.

یەکەم گۆرانییەکانی فیلمی Oru Adaar Love کە بڕیار وابوو لە (٣)ی ئەم مانگە نمایش بکرێت لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا بوو بە باسی سەرەکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی، لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەك چالاکوانی موسڵمان سکاڵایەکیان بۆ دادگا بەرز کردەوە و تێیدا داوای قەدەغەکردنی گۆرانی (Manikya Malaraya Poovi ) دەکەن کە یەکێکە لە گۆرانییەکانی فیلمە نوێیەکەی براکاش بە بیانووی ئەوەی سووکایەتی کردنە بە پیرۆزییەکانی ئایینی ئیسلام و هەستی موسڵمانان بریندار دەکات.

غەزەل مستەفا:

# ئەگەر خانەوادە پشتگیری لە کچ نەکات بۆ کاری هونەری زەحمەتە بتوانێت سەربکەوێت



غەزەل مستەفا ئەسەدزادە، لە بنەماڵەیەکی هونەریدا پەروەردە بووە و باوکی ئامێری کەمان دەژەنێ، بۆیە هونەرمەندانێکی زۆر هامشۆی ماڵیان دەکەن، بەمجۆرە بەردەوام دەنگی گۆرانی و میوزیك لە ماڵی غەزال دەنگ دەداتەوە، لەو ڕێگەیەوە غەزەل هۆگری گۆرانی و میوزیکی کوردی دەبێت و لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا لاسایی دەنگی هونەرمەندە رەسەنەکانی کوردی کردووەتەوە، بەڵام ناوبانگی غەزەل دوای بەشداریکردنی لە یەکەم بەرنامەی کوردئایدڵ بڵاوبووەوە، غەزەڵ نەبووە ئایدڵی بەرنامەکە، بەڵام بووە ناوێکی ئاشنا لەلای هۆگرانی گۆرانی و میوزیکی کوردی، لەم دیمانەیەشدا وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵان دەداتەوە.

* ئافرەتانی ڕۆژهەڵات چۆن توانیویانە پەرە بە هونەری خۆیان بدەن لە کاتێکدا لەلایەن کۆمەڵگەوە ئاستەنگ و گرفتیان بۆ دروست دەبێت؟

- بەداخەوە لە کۆمەڵگەی کوردی زۆر ئاستەنگ دێنە سەر ڕێگای هونەرمەند، بەتایبەتی لە بواری هونەری بۆ ئافرەت و زیاتریش هونەرمەندانی بواری گۆرانیوتن، بەڵام عەشق و هەستی تایبەت بە هونەر ڕێگەکە هەموار دەکات کە درێژە بە هونەرەکەی بدات، لەگەڵ ئەوەشدا داپەروەری لە بنەماڵەی هونەری و هونەردۆستی دەتوانێت زۆر یارمەتیدەر بێ بۆ درێژەدان بە کاری هونەری.

* جگە لە دابونەریتی کۆنی کۆمەڵگە چ گرفتێکی دیکەتان هەیە؟

-لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی یاسا و دەستووری وڵات دەنگی ئافرەت بە شێوەی سۆلۆ قەدەغەیە و ڕێگە پێدراو نییە و ناتوانی کۆنسێرت بکەی و وەکو پێویست دەربکەوی و خوت بناسێنی.

* لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان گرووپی موسیقی هەن، وەك کامکاران و عەندەلیبەکان، لە شاری کرماشانیش گرووپ هەن، ئەمانە چ ڕۆڵێکیان لە پێشخستنی هونەری کوردی هەبووە؟

- ئەوەی بە ڕوونی دیارە و ئەمانەی ئاماژەت پێکردن، هەموویان ژەنیاری بەتوانا و گرووپی مۆسیقای زور بەهێزن و بە پێشکەشکردنی پرۆگرامی جۆراوجۆر لە ئیران و وڵاتانی دیکە هونەری کوردییان زیندوو ڕاگرتووە، لە ڕۆژهەڵات مۆسیقای کوردی زۆر پێشکەوتووە و بەهێزە و ژەنیاری بەتوانای لێیە و بە هونەری خویان توانیویانە گەشە بە هونەری کوردی بدەن.

* ڕۆڵی ئافرەت لەو گرووپانەدا چییە؟

-ئافرەت لەو گرووپانەدا توانای خۆیان پێشان داوە و کۆمێنت و پەیامیان ئەوە بووە کە ئافرەتیش دەتوانێت شان بە شانی پیاوان لە بواری هونەردا چالاک بێ و لە هەموو بوارەکانی هونەردا توانای خۆی پێشان بدات.

* ئافرەتی کورد لە چ پارچەیەکی کوردستان زیاتر توانیویەتی بوونی خۆی لە مەیدانی گۆرانی و مۆسیقادا بسەلمێنێت؟

-بە رای من ئافرەتی کورد لە باشوور و لە دوای ئەویش لە باکوور توانیویەتی بوونی خۆی بسەلمێنێت.

* باوکت چ ڕۆڵێکی لە دەرکەوتنت لە بواری هونەری هەبووە؟

- لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان ئەگەر خانەوادە پشتگیری لە کچ نەکات بۆ کاری هونەری، زەحمەتە بتوانێت سەربکەوێت، بەشێوەیەکی گشتی خانەوادەکەم زۆر یارمەتیدەرم بوون، بەڵام باوکم ڕۆڵی بەرچاوتر و پڕڕەنگتری بووە و هەردەم پشتیوانێکی زۆرباش بووە کە درێژە بە کاری هونەری بدەم و لە هەموو بوارێکدا پشتگیری کردووم، هەروەها دایکی بەڕێزم و خوشکەکانیشم هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەرم بوون کە پڕ بە دڵ سوپاسی هەموویان دەکەم.

* ئەو گۆرانی و مۆسیقایەی ئێستا پێشکەش دەکرێ، چۆن وەسفی دەکەی؟

-کاری زۆر باش و لاوازیشی تێدایە، ئەمەش کارێکی ئاساییە و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتن بۆ هەموو یان دەخوازم.

* ئایا کورد زیاتر پێویستی بە گۆرانی و مۆسیقای هاوچەرخ (مۆدێرنیتە) هەیە، یان مۆسیقای سوننەتی؟

- بە رای من پێویستی بە هەردووکیان هەیە، بەتایبەت مۆسیقای سوننەتی، بۆ ئەوەی زەحمەتی گەورە هونەرمەندان لە بیر نەکرێ و بە دووبارەکردنەوەیان لە فەوتان بپارێزرێن و ریز لە کەلتوور و هونەری دێرینمان بگرین.

* بۆچی ئەو ئامێرە مۆسیقییانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کاری دەهێنن، لە پارچەکانی دیکە بەکار ناهێنرێن؟

- مۆسیقای ڕۆژهەڵات زۆر بەهێزە و بەپێی بەرهەمەکان پێویستی بە ئامێری زیاتر هەیە.

* ئایا مۆسیقای فارسی کاریگەری لە سەر مۆسیقای کوردیی ڕۆژهەڵات هەیە، یان بەپێچەوانەیە؟

-من پێموایە هەر دووکیان کاریگەرییان بە سەر یەکەوە هەیە.

* لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیتان بە چییە بۆ ئەوەی هونەری کوردی پێش بخەن؟

-ئێمە زیاتر پێویستمان بە مەجالی دەرکەوتن هەیە، یان ئەگەر کورتی بکەمەوە، پێویستمان بە پشتگیری ماددی و مەعنەوی هەیە کە هەردووکیان بۆ پەرەپێدان بە کاری هونەری و بەتایبەت هونەری کوردی زەروورەتن.



